# کۆشکی وەسمان پاشای جاف و عادیلە خانم

**جوامێر ئەحمەد**

ماڵی پاشا یان کۆشکی وەسمان پاشای جاف، یەکێک بووە لەو جێگا ستراتیژ و گرنگانەی لەناوچەکەدا هەبووە، ئەم کۆشکە بەشکڵێکی ئەندازەیی و دەگمەن دروستکراوە. لەلایەن وەسمان پاشای جافەوە بەمەبەستی نیشتەجێ بوونیان و بوونە



کۆشکی وەسمان پاشای جاف

قائمقامی قەزای هەڵەبجە.

دوای ئەوەی وەسمان پاشا دەبێتە قائیمقام و دەیەوێت خێزانی نوێ دروستبکات، شوێنێکی گونجاو لەبار و دیاریدەکات لەناو جەرگەی هەڵەبجەدا بەئامادەبوونی

زۆرێک لەداروەدەستەکەی و باش وەستاکانی ئەو کاتەی کە لە هەڵەبجەدا بوون.
بۆ ئەم مەبەستە وەستای گەورەی سنەیی ئامادەکردووە لەساڵی ۱۸۸۳ز، دەستکراوە بەدروستکردنی و ساڵی ۱۹۰۱ ز تەواو بووە. واتە بۆ ماوەی هەشت ساڵ.
شاکیر فەتاحی ڕۆژنامەنووس دەڵێت: ئەوەی لە دوورەوە بێتە هەڵەبجەوە ڕیزە خانوویەکی بەرچاو دەکەوێ، شارێک لە شارە ڕازاوەکانی ڕۆژئاوای دێتەوە بیر، ئەم خانووانە هی (وەسمان پاشا) و (تاهیر بەگ) و (حامید بەگ) و دەوڵەمەندەکانی تری جاف و هەڵەبجەیین.
لە شوێنێکی تر دەڵێت: بەڕاستی کۆشکێکی ناوازە بوو، دوو نهۆم بەرز بوو، لەخوارەوە تارمە و دالانی گەورە گەورە و پان، لەسەرەوە بەرهەیوانی فراوان، هەرچوار لای کۆشکەکەی ڕازاندبووە، ژوورەکان یەک لەسەر یەک بوون، دەرەوەیان بە ئاوێنە بەندی و میناکاری پڕنەخش و نیگار، بەڕەنگی ئاڵ و واڵا، ناوەوەیان بە ئاڵەت و ئاوێنەکاریی، پەنجەرە و بن میچەکان و دیوارەکانیان جوان کرابوون.
ئەمەی مامۆستا شاکیر فەتاح دەڵێ: لەساڵی ۱۹۳٦ دا سەردانی کردووە کاتێک کە ۳۵ ساڵ تێپەڕیووە بەسەر دروستکردنیدا. وەک دەزانرێ بەهۆی گەرما و سەرما و کارەسات و ڕوداوەوە شپرزە و دژواری ڕوو دەدات، کاتێک وەسمان پاشا و عادیلە خانمی شاژنی کورد نەماوە و کەوتۆتە دەستی کوڕ و کوڕەزا. ئەی ئەبێت ماڵێک بۆ بووکی تازە دروستبکرێت چۆن دروست دەکرێت و چۆن دەڕازێنرێتەوە. بۆ کێش؟
عادیلە خانم ژنی ئیداریی و کچی میرێکی گەورەی ئەردەڵانیەکان، کچی عەبدولقادر بەگی ڕۆستەم بەگی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانی سنە. نهۆمی خوارەوە (۷۸٤) مەتر و لەبەردەم دیواری کۆشکەکەشدا بە شێوازێکی هیلالی- بازنەی باریک و تەسک بە بەرد و گەچ دروستکراوە.
پلیکانەی لێ دانراوە بۆ چوونە سەرەوەی قاتی دووەم و لەبەشی ناوەوەشی دا دەروازەیەکی چوار دەرگای هەبوو، کە دەکەوتە سەردەرگای خوارەوە. لەتەنیشتیشی دا دوو ژووری لێ جیادەبوویەوە،. واتە بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات.
ئەو ژوورو هۆڵەشی کەدەرگای ڕۆژهەڵاتی بوو تا بڵێی ڕازاوە و دڵگیر بوو (۷) پەنجەرەی ڕازاوەی تیادا دانرابوو زۆرترین کاتی عادیلە خانم لەو ژوورەدا بەسەری دەبرد.

لەتەختە و شوشەی ڕەنگاوڕەنگ نەخش و نیگاری تیا دروستکرابوو و هەڵواسرابوو گرنگیەکی زۆری درابوو بە ناوەوە و دەرەوەی کۆشکەکە. بە پێچەوانەی ئەو کۆشکانەی ئەمڕۆ کە تەنها دەرەوەی گرنگی پێدەدرێت.

بەهاران و هاوینان لەسەرەوە ژیانیان بردووە بەڕێوە و هەمیشە وەکو ئەوەی لەناو باخ و بێستاندا بن ئەوەندە هەوای فێنکی هەبووە و بۆن و بەرامەی تیادا هاتوچۆیان کردووە و ژوورەکانی ژێرەوەشی بۆ پاییزان و زستانان. هەورەبانێکی سەرەوەشی هەبووە بەدەرگایەک دەچوویتە ئەوێ و هەموو ناوچەکەت لەبەردەست دەبوو. لە دوولاوەوە سەیری خانووەکەت بکردایە واتدەزانی ئەمەیان ڕووی کۆشکەکەیە، چونکە لە هەردوولاوە ڕووی دەرەوەی ڕازێنرابوویەوە. دەچوویتە ژوورەوە لێی. لە ڕووی سەرەوەی بە ئەندازەی (١٤م) بە چوار دەوری بیناکەدا وەک بەرهەیوان بوو، سەقفی بۆ دانەنرابوو ئەمەش سەربانی قاتی خوارەوەی دروستدەکرد.

لە نهۆمی دووەم و لەدەروازەی ناوەڕاستیدا ئەم نوسراوە نوسرابوو کە ڕۆژی تەواوبوونی دەردەخات.

(انا فتحنا لک فتحا مبینا — قد ختم هذا البناء العالي في شهر محرم في السنة الهجرية ١٣٢١)، واتە لەساڵی ١٩٠١ تەواو بووە لە کارەکەیان کە دروستکردنی ئەم کۆشکەبووە لە هەڵەبجەدا.

لەم کۆشکەدا وەسمان پاشای جاف قائیمقامی هەڵەبجە و عادیلە خانم شاژنی کورد و تاهیر بەگی جاف و ئەحمەد موختار جافی شاعیری شۆڕشگێڕ تیا گەورە بوون و حکومیان کردووە و سەدان و هەزاران سەردان و ڕۆژهەڵات ناسەکان چوونەتە ناویەوە و سوود مەند بوون لە وەرگرتنی زانیاریەکان باسیل نیکێتی روسی و ئەدمۆنز و تۆمابوا و میجەرسۆن و سەدانی تر سەردانی ئێرەیان کردووە.

ئەم کۆشکە مایەوە تاوەکو ساڵەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و لە ساڵی ١٩٥٩ وە تەنها پیاوێک زیاتر لەوێ ماوەتەوە بەناوی (عزیز مجید محمد) بووە و پارێزگاری ئەو جێگایەی کردووە، کەڕەنگە پەیوەندیەکی خزمایەتی هەبووبێت لەگەڵ ماڵی پاشادا. دواتر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو جێگایە بەرەو خراپ و داڕووخان هاتووە تاوەکو لەدواجاردا بەتەواوەتی ڕووخاوە و لەنەوەدەکانەوە بووەتە زەویەکی رووت و زبڵ و خاشاکی ئەو بازاڕ و ناوەی تێدەکرێت.

## عادیله خانم، شاژنی شارەزور
## خاوەنی مەدالیای بەریتانیای گەورە ١٨٥٩ ز – ١٩٢٤ ز

عادیلەخانم، کچی عەبدولقادر بەگی رۆستەم بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقرانە. لەساڵی (١٨٥٩) لەشاری سنەی کوردستانی ئێران لە دایکبووە، حەسەن فەهمی جاف دەڵێت: خانم لە بەگزادەکانی ساحێبقڕانە و خەڵکی سلێمانییە، لە پاش روخاندنی بابانەکان قادر بەگی باوکی چاوی بەرایی نەهاتووە و کۆچی کردووە بۆ شاری سنە و عادیلە لەوێ لەدایکبووە.

عادیلە خانم، یەکێک بووە لە ژنە هەڵکەوتوو و ناودارەکانی کورد لە ساڵی (١٨٥٩) گرێی هاوسەرگیری لەگەڵ عوسمان پاشای کوڕی حەمە پاشای جافدا دەبەستێت، بە شێوازێکی شکۆمەندی و رازاوەوە دەیگوازێتەوە بۆ ناوچەی جافایەتی لە هەڵەبجە. خانم، کەسێکی زیرەک و لێهاتووە و شۆخێکی سەربەست و ئازادیخواز بوو لە بنەماڵەیەکی رەسەن و قارەمانی کوردەواری بنەماڵەی ساحێبقرانی سلێمانی و پاشان سنەی بە عەقڵ و تەدبیر و گورج و گۆڵ لەکاروباری ئیداری و سیاسی ناوچەی جافدا بەتایبەت لەدوای کۆچی دوایی عوسمان پاشای هاوسەری. هەر لەسەردەمی عوسمانییەکاندا و هەروەها لە ژیانی هاوسەرێتیدا لەگەڵ عوسمان پاشای مێردیدا زۆر لە کاروبارەکانی ناوچەکە بەدەست و راوێژی ئەم چووە بەڕێوە.



خانم، دوای گەیشتنی بە ناوچەی هەڵەبجە و بوونی بە خانمی یەکەم لەناوچەکەدا بە ئافرەتێکی ئاشتیخواز و بلیمەت و نمونەی بەرز هاتووەتە بەرچاو و ڕێز و ئیحترامی لەلایەن عوسمان پاشای مێردی و دامودەزگای ئیداری و عەشایری جافەوە لێگیراوە و جێگاو شوێنی تایبەتی بۆ دانراوە. زۆر ڕێزی بەگزادەکانی جافی گرتووە و هەوڵ و توانای خۆی بەکارهێناوە لە ئاشتکردنەوە و ئاشتەوایی نێوانیان. لە کاروباری ناو ماڵی خۆیدا خۆشی لە خەڵکی ناوچەکە و فارسە

ئاوارەکانی ناو هەڵەبجە دەگرت و زۆر مەیلی بە تورکەکان نەدەدا و خۆشی لێیان نەدەهات، خزمەتگوزارەکانی سێ لەسەر چواری فارس بوون و تەنها یەک تورک لەناو کۆشک و تەلارەکەی نەبوو.
کۆشک و تەلاری وەسمان پاشا کە بۆ پێشوازی خانم دروستکرابوو، خانوویەکی زۆر گەورە و باڵەخانەیەکی چل ژوور و سێ نهۆم بوو جمەی دەهات لەپیاو و ئافرەتانی ماقوڵ و خزمەتگوزار و بەردەستەکانی خانم و هەریەکەیان بەگوێڕایەڵی تەواو بۆ خانم ئامادە باش بوون.
هەڵەبجە، بە تایبەتی دوای کۆچی دوایی عوسمان پاشای جاف، خانم، بەتەواوەتی کاروباری هەڵەبجە و گشت ناوچەکەی لەژێر دەستا بوو، فەرمانەکانی خانم نەک تەنها لە هەڵەبجە و ناوچەکەدا، بەڵکو لە سنە و ناوچەکانی ئێرانیشدا بەر قەرار بووە. دوای هاتنی هێزی بەریتانییەکان بۆ ناوچەی سلێمانی هەروەها هەڵەبجە، خانم دەوری ئاشتیخوازی کاریگەری بینی و خەڵاتی بەریتانیایی پێ بەخشرا.
مینۆرسکی، زانای ڕۆژهەڵاتناسی رووسی کە لە ساڵی (١٩١٣)دا هاتووەتە هەڵەبجە و خانمی دیووە دەربارەی دەڵێت: من خۆم چاوم بە یەکێک لەو ژنە سەرنج راکێشانە کەوت لەناوچەی هەڵەبجە (عادیلە خانم) کە ئینگلیزەکان ناویان بە (لەیدی عادیلە) دەبرد. ئەم خانمە سەرنجی خەڵکی بەرەو لای خۆی راکێشابوو بەو کارەی کە ناوچەکەی پاراستبوو بەهۆی رزگارکردنی ئەفسەرە بەریتانییەکان لەمردن و بەو شاکارەشی لەلایەن قوماندانی ئینگلیزەکانەوە نازناوی (بەهادور خان)یان پێبەخشیوە، خانم بەمکارەی تەحەمولی گشت ئەو پێشهات و رووداوە سیاسییانەی کردووە کە روودەدەن، لەدوایدا کاتێک هوروژمی سوپای ئینگلیز هاتووەتە ناوچەکە و پاراستنی ناوچەکە لەدزی دراوسێکان و هێزەکانی ئەو کاتەی تورک، زیرەکانە هەنگاوی هەڵێناوە بۆ رووداوەکان و تارادەیەکی باشیش نەهێڵراوە زەرەر و زیان بە ناوچەکە بگەیەنرێت.
مێجەرسۆن، حاکمی سیاسی سلێمانی و نوێنەری بەریتانیا دوای ئەوەی باسی ژنی کورد دەکات دەڵێت، ئەم نموونانە لە کوردستاندا کە ژن شوێنێکی سەربەخۆیان هەیە زۆر هەڵدەکەون. ژنان لەنێو ڕەشماڵەکانیاندا بە چ شانازییەکی بێ وێنەوە پێشوازی لە میوان دەکەن و زۆرجار هەڵکەوتووە ژنی کورد کاروباری ئێرە و کۆمەڵگەی خۆی

سەرکەوتوانە بەڕێوە بردووە.
دیارە ئەم شایەتییەی مێجەرسۆن لەناو وڵاتی خۆی و وڵاتانی دونیادا نەبووە یان نەیدیووە، بۆیە وا باسی ژنی کورد و عادیلە خانم دەکات. خانم لەچاوی ئەدمۆندزیشەوە ئاوەها بووە: عادیلە خانم، شاژنی شارەزورە کە من دیومە.
محەمەد ئەمین زەگی مێژونووسیش دەربارەی وتویەتی خانمی وەسمان پاشا دەستی رۆشتووە بەسەر گشت کاروبارەکانی شارەزووردا و هەموو هۆزەکانی جاف لە ژێر فەرمانیدا کۆکردۆتەوە، کاروبارەکانیان خۆی بەڕێوەی بردوون. مەرجێکی دانابوو بۆ باش و خراپ بەم کارەشی ببووە خانمی ناوچەکە.

## هەندێک لە کارە دیارەکانی خانم لە هەڵەبجە:

١. بەڕێوەبردنی کاروباری خێڵی جاف و کۆکردنەوەیان لە دەوری خۆی و پرس و ڕاوێژ بە یەکتری زۆر بەژیری و حەکیمی و نیاز پاکی.
٢. کردنەوەی ماڵە گەورەکەی خۆی و دیوەخانە رازاوەکەی بە ڕووی زاناو پیاو ماقوڵ و شاعیر و ئەدیبە گەورەکانی کورد، بەم کارەشی هەڵەبجەی کردبووە ژوانگەی لانکەی شیعر و شاعیران و هەر لەوەوە هەڵەبجە ناونراوە شاری شاعیران.
٣. کردنەوەی دەرگای مەدەنیەت و شارستانیەت بە ڕووی هەڵەبجە و ناوچەکەدا، وەک دروستکردنی باڵەخانە و قەیسەری و حەمام.
٤. دروستکردنی دوو خانووی گەورەی زۆر جوان لەسەر شێوازی سنەییانە و بەدەست و پەنجەی وەستا سنەییەکان کە لەو کاتەدا نمونەی ئەو خانوانە لەسلێمانیشدا نەبووە.
٥. دروستکردنی مزگەوت وەک ڕێزێک لە مامۆستا ئاینییەکان و موسوڵمانەکان کەئێستا ئەو مزگەوتە ماوەتەوە و ناوی مزگەوتی (خانم)ە لە گەڕەکی (پیر محەمەد) ە لەنزیک شەقامە سەرەکییەکە.
٦. دروستکردنی بەندیخانە بۆ ئەوانەی لەڕێگای خزمەتکردن بەناوچەکە و خێڵ و عەشرەت لادەدەن و لە ڕێگای خراپ و سیخوڕییەوە زەرەر و زیان بە ناوچەکە دەگەیەنن.
٧. یارمەتیدان و کۆمەکی دانیشتوانە جوولەکەکانی شاری هەڵەبجە و چاککردن و ئاوەدانی لە گەڕەک و ناوچەکەیاندا و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ژیانیان.

٨. بەهێزکردنی شارەوانی شار لەسەردەمی خانم دا زۆر لایەنی شاری هەڵەبجە جوان و باشکراوە لەڕێگە و ئاو.

٩. یارمەتیدانی هەژاران وەک خستنەسەر کار و ئیش و دامەزراندن و هەروەها بەخشیش و هاوکاری پیرەکان دەگێڕنەوە هەموو پێنج شەممانێک دەگەڕا بە ناو بازاڕدا بە قەسابەکانی دەووت ئەمڕۆ گۆشتەکانتان لەسەر خانم بدەنە هەژار و ڕێبوار و لێقەوماوەکان.

## مێجەرسۆن بەم جۆرە وەسفی خانم دەکات:

بۆ یەکەم جار کە بوومە میوانی خانم، بینیم لە ژوورەکەی خۆیدا دوانزە خادیمە و بەردەستی لەبەردەستدابوو.

لەسەر کورسییەک دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا سەری کورسیەکە بە قوماشێکی ئاوریشم داپۆشرابوو کوردییەتی و کوردانەی پێوە دیاربوو. روو سیمای سپی و دەم و چاوێکی هێلکەیی هەبوو. کەمێک دەمی گەورە دیاربوو، چاوێکی ڕەش و گەش، لوتی باریک و کەمێک چەماوە بوو، باڵایەکی باریک و مێزەرێکی جوان و رازاوە و تێکەڵاو بە دەستەسڕی ئاوریشم بەسەرەوە بوو، چەند تاڵێکی لە پرچ و قەنافیزی شۆڕ کردبووەوە بە لاجانیدا، پۆشاکی ئاوریشمی لەبەرکردبوو. پان و پۆڕو فراوان و



مەزاری عادیلە خانم

فۆتۆ: ستاف

فشۆڵ. هەردوو قاچەکانیشی گرتبووە خەنە.

زۆر خۆی دەرازاندەوە و ملوانکەی مرواری و خاڵخاڵ و مووورتک و مووروی بەخۆوە دەکرد. لەپەنجەکانیدا (١٧) ئەموستیلەی گەوهەرداری لەپەنجە کردبوو. گەردن و ملی بە مرواری ڕازاندبووەوە. بەڕێزو سڵاوێکی سنەییانە وەڵامی سەلامی دەدایەوە و تەنهاش دەبوو بە فارسی نوێژ بکرایە لەناوکۆشکەکەدا.

گۆر و ئارامگای (عادیلە خانم) لە گوندی عەبابەیلێ لە رووی هەورامانەوە نزیک گۆڕەکەی عەبابەیلێ کەمێک بە سەرەوە لەگەڵ هەردوو جگەرگۆشەی شاعیر و خۆشەویستی (تاهیر بەگ و ئەحمەد موختار جاف) دا نێژراوە.

سەرچاوەکان:


١. رحلة المتنكر بلاد مابين النهرين، ميجرسون.

٢. مێژووی هۆزی جاف، حسین عەزیز محەمەد.

٣. ƱÊžDǴ ơǨ3ǽư gƸY ƿgƸY5ǪǨʒÛ ǭŢʒy łǭǿ ǰ ɛgÆ.

٤. مشاهير كرد، ايةالله مردۆخي.

٥. ئافرەتە ناودارەکانی کورد، جەبار جەباری.